سەماحەتی ستایشی هەوڵەکنی حکومەت دەکات سەبارەت بە کۆتایی هێنان بە دەسەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و داوای پێیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ چەند دەوڵەتێك دەکات کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی پاراستنی سەروەری بێت

بەرێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئالینا ڕەمانیسکی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کەوت و لەم دیدارەش باسی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و پێیوەندی دوو قۆڵی نێوان بەغدا و واشنتۆن کرا، سەماحەتی حەکیم ستایشی ئەرکەکانی حکومەتی عێراقی کرد سەبارەت بە گفتوگۆکردن بە کۆتایی هێنان بە دەسەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە ئەمجارە ئەوە بگەڕێت بە پێیوەندی دوو قۆڵی نێوان عێراق و هەندێك وڵاتانی هاوپەیمانێتییەکە بە مەرجێك بەرژەوەندی عێراق و سەروەری تێدا پارێزراو بێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پتەوکردنی بەهاکانی دیموکراتیەت لە کەمەگەدا و پاراستنی مافی هاوڵاتیان لە دەربڕین لەهەمان کاتدا ڕوونی کردەوە کە مافەکان بنەمای دەستووری و یاسایین و ناکرێت بازیان بەسەردا بدرێت.

سەماحەتی داوای کرد کە شەی غەزە ڕابگیرێت و گوتی ئەوانەی دەیانەوێت گرژیەکان کەم بکەنەوە لە ناوچەکە پێویستە لەسەریان فشاری زیاتر بخەنە سەر قەوارەی زایۆنی بە ئەوەی ئەم شەڕە زاڵمانە بوەستێنن لەبەر ئەوەی ئەوان هەکارەکی سەرکی گرژی و بەرزکردنەوەی ئاستی شەڕەکەن، سەماحەتی هەشداری دا لەوەی پانتایی شەڕەکە و ململانێیەکان فروانتر بێت و ئیسرائیلیش لە پێشلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و کوشتنی بە بەرنامەی منداڵان و ژنان و خەڵکی سڤیل بەردەوام بێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر گرنگی دان بە باشکردنی دەخی توێژەکانی کەمەگا و گوتیشی پێویستە ژنان مافیان پێ بدرێت و دادپەروەرانە وەك نیوەی کەمەگا سەیر بکرێن.